# پەیوەندییە ئابوورییە دەرەبەگایەتییەکان لە کوردستانی خوارووداا

## «کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم»

نەجات عەبدوللا

### دەروازە :ـ

کوردستان وەك وولاتیکی کشتوکالی دواکەوتووی شاخاوی پیوەندییەکانی بەرهەمهینان لەو سەرووبەندەی دوای روخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و زۆر لەپیش ئەوەشدا پیوەندی نیمچە دەرەبەگایەتی بوو و سیستەمی دەرەبەگایەتی لە دوا قۆناغی هەلوەشاندنەوە و داتەپین دابوو ، چەوساندنەوەی دەرەبەگایەتی تا ناخی ئیسك روچۆبووە نیو جەستەی جووتیرانی هەژار و رەش و رووت و ، رۆژ تا ئیوارە رەنجیك کە دەیانکیشا و ماندووبوونیك کە ئەوان بە دریژایی سال دەیاندا تەنیا بەشی ژیانیکی کولەمەرگی مەمرە و مەژی دەکرد . لەولای دیکەش چینی دەرەبەگ ( دەگەل دەزگا ئایینییە مفتەخۆرەکان بەهەموو شیوەیەکی جیا جیا ) وەك مشەخۆر لەسەر خوینی جووتیران و زەحمەتکیشانی گوند و ئاواییەکان دەژیان و رۆژ بە رۆژ نیری ستەم و چەوساندنەوەیان هەروا زیتر و توندتر دەکرد . پەیوەندییەکانی دەربەگایەتی لە رووی سترەکتۆری ئابووری - کۆمەلایەتییەوە گەیشتبووە نیو سەرجەم لایەنەکانی ژیانی کۆمەلایەتی و کولتووری و سیاسی و ئابووری وولاتی کوردواری و بەتەواوی بالیان بەسەر هەموو لایەکی کوردستانداکیشابوو . جووتیرانی رەش و رووت بەشیوەیەکی زۆر توند بە دەسەلاتی ئۆتۆکراسی ئاغا پابەند بوون و دەبوا بەبێ ئەملا و ئەولا کرنۆشی بۆ بەرن و لەدوای برۆن ، دەکرێ بلین کەوا سروشتی شاخاوی وولاتی کوردەواری و کەمی ریگاکانی هاتووچۆ و گەیاندن و دوورە دەستییان لەیەکتر یەکیك لەو هۆکارە سەرەکیانە بوون کەوایان کرد هیزەکانی بەرهەمهینان نەتوانن وەك پیویست گەشە بستینن ، بۆیە دەبینین وولاتی کوردەواری لە رووی کۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسی و کولتوورییەوە لە شارەسەنعەتیەکانی دیکەی ئەو وولاتانەی کە پیوەی بەندە زۆر دواکەوتووترە و گەشەی سسترە «ریزە شاخەکان کە دۆل و دەشتە بە پیتەکان دەبڕن ریگایان لەوە گرتبوو کە میللەتەکە ببیتە خاوەنی ژیانیکی ئابووری یەکگرتوویی پتەو و لە هەمان کات دا لەوەرگا بە پیتە ئەلپیەکان لە رۆژانی زۆر دیرینەوە هانی کوردەکانی دەدا رووبکەنە مەڕ و مالات بەخیوکردن و ببیتە پیشەی زۆربەی دانیشتووە کوردەکان»«١» لەلایەکی دیکەوە کوردستان بە دریژایی میژوو شانۆی

داگیرکردن و گۆڕەپانی بەیەکدادان و جەنگ بووە دەگەڵ هێزە داگیرکەرەکان و داگیرکەرە لە مرۆڤ بەدەرەکان هەمیشە چاویان لە کوردستان بڕیوە. جا بێگومان ئەو هێرش و پەلاماردان و شەڕانە کۆسپێکی گەورەبوون لە بەردەم گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەمهێن و وایان لێکرد کە نەتوانن وەك پێویست گەشەبکەن. دواتر کوردستان هەمیشە لە ژێر چەکمە و پۆستاڵی داگیرکەراندا بووە ئەگەر ناوە ناوە نەبووبێ سەری ئارامی بەخۆیەوە نەبینیوە (ساڵی ٥٥٠ ی پێش زایین سیرۆسی ئیمپراتۆری ئەخمینیەکان توانی شانشینی مێدیا داگیربکا و بیخاتە ژێر رکێفی خۆی، دوای ئەوە نۆرەی ئەسکەندەری گەورە هات کە ئیمپراتۆریەتی ئەخمینی رووخاند و ساڵی ٣٣٠ ی پێش زایین کوردستان کەوتە بندەستی فەرمانڕەوایی یۆنانییەکان، لە هەردوو سەدەی یەکەم و دووەمی پێش زایین ئەرمەنەکان کوردستانیان داگیرکردو تا سەدەی سێیەمی زایینی ئەمجارە ئیمپراتۆریەتی رۆمانیای گەورە کوردستانی داگیرکرد تا ساڵانی داگیرکردنی ئیسلام واتە ساڵی ٦٤٠ ی زایینی ئیمپڕاتۆریەتی ساسانیەکان کوردستانیان داگیرکردبوو)«٢». ئەو جارە نۆرەی ئەوەهات کە مەگۆل و تورکمانەکان وڵاتی کوردەواری داگیر و تاڵان بکەن. بەو پێیە هەر لە ساڵی (١٢٥٨) ی ز یەوە تا ساڵی (١٥٠٩) ی ز کوردستان لەژێر چڕنووکی (مەگۆل و تورکمانەتەتەرەکان) دابوو، هۆلاکۆ خانی لە تیرەی مرۆبەدەری مەگۆلی لە ساڵی (١٢٥٢) ی.ز. بۆ داگیرکردنی رۆژئاوای ئاسیانێردرابوو وەکو خۆی دەڵێ فەرمانی هەوڵی ئەو بۆ «دەست بەسەرداگرتنی دزی و جەردەیی کوردەکان بوو»«٣». «کوردەکان لێی هاتنەدەنگ و هەر تەنیا لەبەرانبەر قەڵای هەولێر کوردەکان (٢٠) بیست هەزار مەگۆلیان کوشت»«٤». «دوایی هەر لەسەدەی شانزەیەم و دوای شەڕی گەورەی چالدێران (١٥١٤) کوردستان لە نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوییەکان دابەش کراو نیزیکی سێبەشی کوردستان بەر ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و بەشێکیشی وەبەر سەفەوییەکان کەوت»«٥». تا شەڕی یەکەمی جیهانی کوردستان نیزیکی (٤٠٠) چوارسەد ساڵی رەبەق لەژێر ستەم و ئازار و جەزرەبەی ئیمپراتۆریەتی دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوییەکان دابوو. دوای ئەوە بە سنوورێکی دەستکرد بۆ چوار پارچەی جیا جیا دابەشیان کرد. کە لەوبڕوایە دانیم هیچ وڵات و خاك و میللەتێك ئەوەندەی گەلی کورد تووشی داگیرکەری هەمە چەشنە و هێرش و تالاوی دوژمنان بووبێ هەر لە بەرەبەیانی مێژوو تائێستاکە، بێگومان ئەوەی مەبەستمانە ئەوەیە کە ئەم هەموو تاڵان و وێرانکارییە کۆسپێکی هەرە گەورەبوون لە بەردەم گەشەئەستاندنی هێزەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵی کوردەواری و تێك و پێك دانی سترەکتۆری ئابووری. کۆمەڵایەتی کوردەوارییان وا لێکردووە کە گەشەی سروشتی و مێژوویی وڵاتی کوردەواری یەخەگیری زۆر وەستان و راگیربوون و لەرێ لادان بووبێ، کە ئاشکرا ئەنجامەکەی بەسەر سەرجەم لایەنی ژیانی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی سیاسی کوردەوە دیارە.

## سیستەمی موڵکدارێتی زەوی لە کوردستانی خوارووەدا :ـ

سیستەمی زەوی و زار و موڵکدارێتی زەوی و بەکارهێنانی لە کوردستانی خوارووەدا نیشانێکی جیاکەرەوەی هەبوو . سەرچاوە و بەراوەکان بە ئاسایی موڵکایەتی تایبەتی بوون ، هەروەها هێندێك بەراو هەبوون کە هی دەوڵەتی بوون ، بۆ نموونە لە شاری هەولێر دوو بەراوهەبوون کە ساڵانە بەکریێ دەدران و کێ پارەی زۆرتری بدایە هی ئەوبوون ، یەکێك لە رووبارە زۆر بچووکەکان ساڵی ۱۹۲۰ لە مەزاتێك دا بایی ( ۱۲ ) دوانزە هەزار رۆبل بوو کە زیتر لە ( ۱۰۰ ) پاوەندی ئەستەرلینییە . ئەو پارەیە بە گوێرەی هێزی کرینی ئەو سەردەمە دیارە پارەیەکی زۆر و زەوەندەیە .1

بە شێوەیەکی گشتی سیستەمی زەوی و زار لە کوردستانی خواروو بۆ سێبەش دابەش کرابوون :ـ

۱ـ تاپۆ : بەدەست خاوەن زەویدارە گەورەکان بوون .

۲ـ تەحریر : کە بە گوێرەی هەقی بەکاربردن بوو ، ئەم چەشنە بە پلەی هەوەڵ لە ناوچە چیایییە دوورەکان دا هەبوو .

۳ـ زەوی سونیە : هەموو ئەو زەوییە سونیانە دوای شۆرشی تورکەلاوەکان بوون بە موڵکیەی دەوڵەتی . بێگومان سیستەمی زەوی و زار زۆر لەوە ئاڵۆزتر بوون کە باسکران« ٦ » .

چەوساندنەوەی جووتێران لە ئاوایییەکانی کوردستانی خوارووەدا دوو شێوەی سەرەکی بەخۆوە گرتبوو :ـ

یەکەم : ناچارکردنی جووتێران کە لە هەر هەوتوویەك دا چەند رۆژێکی دیاری کراو لە زەوی و زاری ئاغا و دەرەبەگەکان کاریێ بکەن ، کە ئەمەیان بێگاریان پێدەوت و دەبووایە جووتێران بە خوت و خۆرایی گەلەجووت و گەلەدرەو و قورکاری و ئاودێری ... و هەموو چەشنە کار و بارێکی دیکە بۆ ئاغاکانیان بکەن .

دووهەم : دەبوو جووتێران بەشێکی بەرووبوومی زەوی و زاری خۆیان کە بە سەد شەکەتی و رەنج کێشان و دەردەسەری بەرهەمیان دەهێنا ، بەشێکی ئەو بەرووبوومە وەکو سەرانە بە ئاغاکان بدەن کە ئەمە دەرەبەگایەتی خێڵەکی بوو( الاقطاع العشائري ) .

سیستەمی دەرەبەگایەتی لە وولاتی کوردەواری بریتی بوو لە دابەشکردنی پارچە زەوی بچووك بچووك بەسەر جووتێران کە دەبوو بە ئامراز و هۆکارەکانی بەرهەمهێنانی خۆیان بەرهەمی بهێنن و قازانجەکەشی وەکو زێدەبایی surplus value بۆ گیرفانی ئاغا و دەرەبەگەکان بوو و جووتێرەکانیش جگە لە نانەسکی و کۆڵەمەرگی و دواکەوتوویی و هەژاری چیدیکەیان قازانج نەبوو . لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا چەشنێکی نوێی دەرەبەگایەتی

هەبوو کە ئەویش دەرەبەگایەتی سەربازی بوو ، بەوەی دەوڵەت زەوی و زارێکی زۆر و زەوەندی دەدا بە سەرکردە و ڕێبەرەکانی سوپا ، بەو چەشنە هەقی وەکابردنی زەوی و زار تا ساڵی ١٨٥٨ کە لەو ساڵە یاسای زەوی دەرچوو ، زەوی و زارەکان هەر بەدەست سەرکردە سوپاییەکانەوەبوو . دوای ئەو یاسایە رادەیەك بۆ وەکاربردنی زەوی و مولکدارێتی زەوی دانران و مولکیەی زەوی و زار بوونە هی دەوڵەت و دەوڵەت دەیتوانی بەهەر چەشن و بۆ هەریەکێك بێ مافی وەکاربردنی زەوییەکەی پێبدات . بەڵام لەبەر لاوازی و باری کارگێری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و لەبەر سەرقاڵی بە داگیرکردنی وولاتانی دیکەوە جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە بە شێوەیەکی وانەبوو تا ساڵی ١٨٦٩ و لەسەردەمی ویلایەتی مەدحەت پاشا جێ بەجێ کراون و مەدحەت پاشا چەند هەنگاوێکی نا کە گرینگترینیان ئەوە بوو زەوی و زاری میری ( تاپۆ ) بکرێن و بەچەند بەشی کەم کەم و سووك بەسەر ئەوانەی زەوییان دەوێ دابەش بکرێن« ٨ » .

لە دوای شەری قرم دا لە ساڵی ١٨٥٣ کۆمەڵێك ڕێکخستن و یاسای نوێ لەلایەن دەوڵەتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆ چاککردنی باری وولات کران کە کاریگەرییەکی زۆریان بەسەر کۆمەڵی عوسمانی دا هەبوو ، یەك لەوانە یاسای زەوی ( تاپۆ ) ( ١٢٧٤ ) کۆچی - ( ١٨٥٨ ) ی زایینی بوو ، بەشێوەیەك کەمەبەست لە یاسای زەوی ( تاپۆ ) خۆ رزگارکردن بوو بەشێوەیەکی یەکجارەکی لە پاشماوەکانی سیستەمی ئیلتیزام و دەرەبەگایەتی سەربازی و چاکترکردنی وەزعی جووتیران بەوەی پارچە زەوییەکی پێ بدەن کە بتوانن پێی بژی . بەڵام کاتێك یاسایەکە خرایە چوارچێوەی جێ بەجێ کردن ئەنجامەکەی بە پێچەوانەی ئەوەی چاوەروان دەکرا شکایەوە ، جووتیرانی هەژار نەیاندەتوانی بایی نرخی زەوییەکە بژمێرن ، بەوە مولتەزیمەکان کە پارە و ئەزموونێکی زۆریان هەبوو چەند رووبەری فراوانی زەوی و زاریان بە نێوی خۆیان کرد و جووتێرەکانیش لەلای ئەو خاوەن زەوییە گەورانە تەنها دەبوون بە کرێگرتە و هەروەها شێخەکانی هۆزەکانیش زەوی و زاریان بە نێوی خۆیان دەکرد و ئەوانیش بوون بەخاوەن زەوی و ئەندامانی هۆزەکانیش لەلای ئەوان دەبوون بە کرێکار« ٩ » .

دەسەڵاتکارانی ئەمپراتۆریەتی عوسمانی دەیانووسیت بەهەر شێوەیەك بێت دەست بەسەر عەشیرەتە کوردەکاندا بکێشن و وەبندەستیان بخەن و نیشتەجێیان بکەن تا بتوانن بە ئاسانی باج و سەرانەیان لێ بستێنن و بیان رووتێننەوە و بە ئاسانی بازرگانی دەگەڵ دەرەوە بکەن نەخوازەش کە خاکی کوردستان لە دەوڵەمەندی و پیت و فەردا هاتاوی زۆر کەم بووە ، بۆیە دەبینین کە تورکەکان هەر لە ساڵی ( ١٨٦١ ) وە سیاسەتی نیشتەجێ کردنی هۆزەکانیان پیادەکرد ، مەدحەت پاشای والی عوسمانی ساڵی ١٨٦٩ یاسای تاپۆی هێنایە گۆرێ کە بە گوێرەی ئەم یاسایە زەوییە کشتوکاڵییەکان بە شێوەیەکی یاسایی دەفرۆشران . بێگومان عوسمانییەکان نیازیان لەمەدا تێك و پێك شکاندنی سیستەمی هۆزەکان و نیشتەجێ کردن و لاوازکردنیان بوو لەلایەکەوە و لەلای دیکە

هاندانیان بوو بۆ ئەوەی کشت و کاڵ بکەن و پارێزگاری بازرگانی بکەن دەگەڵ دەرەوەدا«١٠». دیارە ئێمە ئەگەر سەیری سیاسەتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بکەین لە کوردستانی خوارووودا دەبینین کە تورکەکان هەر لە ساڵی ١٨٦١ دا سیاسەتی نیشتەجێ کردنی هۆزەکانیان پیادەکردبوو، کەچی دەبینین لە ساڵی ١٨٦٩ وە دەستیان کرد بە یاسای (تاپۆ) و فرۆشتنی زەوی و زاری میری، بێگومان لەو ساڵەدا بوو کەناڵی سوێس کرایەوە بە شێوەیەك کە بازارەکانی جیهانی هەرچی زێترە داوای بەرووبوومی کشتوکاڵی وڵاتی میسۆپۆتامیایان «ئێراقی ئێستا» دەکرد نەخوازەش کوردستان کە سەرچاوەیەکی بە پیت و فەربوون بۆ ئەوسای سەرمایەداری رۆژئاوایی نەخوازەش بۆ بەریتانیا، ئەوەندە بەسە کە بڵێین «وڵاتی» میسۆپۆتامیا (کۆگای گەنم و جۆی هەموو بەرایی ئاسیا بووە) دیارە وەك لەمە و لالێی دەدوێین بەشی هەرە زۆری کشتوکاڵی وڵاتی میسۆپۆتامیا «ئێراقی ئێستا» بە تەنیا هەر لەسەر خاکی کشتوکاڵی کوردستان بووە. هەر بۆیەش دەبینین کە عوسمانی‌یەکان دەستەبەری نیشتەجێ کردنی هۆزەکان و پاراستنی ئاسایش و رێگا و بان و گەشەسەندنی ئاڵووگۆری بازرگانی‌یان دەویست و هەر لەم پێودانەش بوو یاسای تاپۆیان پیادەکرد، چونکە ئەگەر هۆزەکان نیشتەجێ بن ئەوا دەبێ بە ئاسانی باج و سەرانە بە دەوڵەت بدەن. هەرچی ئەو زەوی و زارانە بوو کە بە قەواڵەنامەیەکی هەروا ئاسایی درابوونە پیاو ماقووڵ و شێخەکان دووبارە پرێیان فرۆشرانەوە بەوە جووتێران لە روبەرێکی نوێ و گەورەی زەوی و زار بێ بەشکران. کاتێك کە شێخەکان بە هۆی وەبن دەست خستنی قەواڵەنامەکانی تاپۆ دوو دڵ دەبوون لە کرینی زەوی ئەو کاتە زەوی‌یەکە بە هۆی چەند بەشێکی بچووك و سادە دەفرۆشران، هەرچی زەوی و زارەکانی دەوڵەتی بوون کە هیچ کەسێك و هۆزێك وەکاریان نەدەهێنا، ئەوا پیاو ماقووڵەکانی شارەکان بە کرێیان دەگرت و بەو چەشنە زۆربەی زەوی و زارەکان ئەو کەسانە سوودیان لێ دەبینی کە زۆر لە زەوی و جووتێری دوور بوون و لە شارەکان دادەنیشتن. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی گرۆیەکی نوێی خاوەن زەوی کشتوکاڵی پەیدابن و چینە زەویدارە گەورەکانی پێشوو بە هێز تر بکەن و جوتێرانی گوندەکان و هۆزەکان لە هەقی سروشتی و کۆنی خۆیان بێبەریبکەن، تا وای لێهات بەرە بەرە پێوەندی زیندوو و سیستەم و پێوەندی‌یەکانی سیستەم و پێوەندی‌یەکانی هۆزایەتی تێك و پێك شکاند و پەیوەندی‌یەکانی پەترياریکی لاواز بوون و حکومەت بە ئاسانی وەلامی یاخی بوون و بەرخۆدانی شێخە دەرەبەگەکانی دەدایەوە و لێرەدا پێوەندی نێوان ئاغا و جووتێرەکانی عەشرەتەکان بوو بە پێوەندی نێوان چەوسێنەر و چەوساوە، شێخ بوو بە دەرەبەگ و کەسانی عەشرەتەکانیش بوون بە جووتێر و شوانکارە، بۆ نموونە ئەو زەوی و زارانەی کە سەرۆك هۆزی جافەکان هەیانبوو دەیان هەزار دەسیانە بوون (دەسیانە یەکەیەکی رووسی‌یە بۆ پێوانی رووبەری زەوی، دەکاتە ١،٠٩ هەکتار) زەوی و زارەکانی ئیسماعیل

بەگیش کە لە دوایی‌دا بەریتانیا دەستی بەسەرداگرت ( ١٧٠٠ ) هەزار و حەوسەد کرێکاری کشتوکاڵی تێدا دەژیا و بڕیاریش وابوو کە ( ٦٠٠ ) شەش سەد کەسی تریشی تیا نیشتەجێ بکات . دەست بەسەرداگرتنی زەوی و زاری کشتوکاڵی لەلایەن دەرەبەگەکانەوە و توندکردنەوەی چەوساندنەوەی جووتیاران و زەحمەتکێشانی ئاواییەکان بوون بەهۆی ئەوەی کە جووتیاران سەربەخۆیی ئابووری و دواتر سەربەخۆیی کەسایەتی خۆیان لەدەست بدەن« ١١ » . وەك ل . ن . کەتەلۆڤی ڕۆژهەڵات ناسی رووس گوتەنی : ( ئەو هۆزانەی کە لەکوردستانی خواروو نیشتەجێ بوون ، بوون بە ڕێکخەری چینایەتی بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندی دەرەبەگەکان ) .« ١٢ » کەتەلۆڤ نموونەی هۆزی هەماوەند دێنێتەوە کەچۆن ئاغاکان جووتیرەکان دەچەوسێننەوەو قەڵا قوللەو کۆشك و باڵاخانەیان هەیەو ئاغایەکانی جاف ( ٤٠٠٠ ) چوار هەزار جەنگاوەریان هەیە . مولکیەتی دەرەبەگایەتی و شێوەکانی چەوساندنەوەی دەرەبەگایەتی لەنێو ئێزیدیەکانی چیای شەنگالدا هەبوورەو سەرکردەکانیان هەردوو مەڵبەندی ئایینی و دونیایی‌یان لەبن دەستدا بوو ، جووتیرانەی رەش و رووتیان پێ دەچەوساندەوە . زۆربەی زۆری ناوچەکانی کوردستانی خواروو تا سەرتای شەڕی یەکەمی جیهانیش سەربەخۆیی‌یەکی نیسبیان هەبووە بەتایبەتی ناوچە چیاییە دوورە دەستەکان تا وای لێ هات دەسەڵاتدارانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دانی بەئاغا گەورەکان دەنا بۆ ڕێکخستنی هۆزەکان و گوندو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان و مووچەیان لە دەوڵەت وەردەگرت . دەرەبەگە گەورەکان بەتەواوی مافی دەسەڵاتداریان هەبوو لە ناوچەکانی خۆیاندا بۆ نموونە شێخ شەمسەدین هەموو توتنی ناوچەکەی بۆ خۆی ( قۆرخ - احتکار ) کردبوو سەرانی ئامێدی بازرگانی مازوویان بۆ خۆیان قۆرخ کردبوو ، هەرچی سەروەت و سامانی ئەو ناوچانە بوو لە ژێر دەسەڵاتی ئاغاکان بوو . سەرۆك هۆزەکانی هاوسنووری ئێرانیش پێوەندییەکی سەربەخۆیان دەگەڵ حکومەتی ئێران دا هەبوو و نوێنەری خۆیان دەنارده تاران کەئەمە بەڵگەی لاوازی و دەسەڵات کزی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو لەو ناوچانەدا .« ١٣ » هەرچی لە سەردەمی داگیرکردنی بەریتانیا بوو هیچ گۆڕانکاری یەك بەسەر سیستماتیکی زەوی و زاردا نەهاتوو کارکردن هەر بەگوێرەی یاسای زەوی و زاری عوسمانی یەکان بوو ، لەوەش خراپتر ئەوەبوو کە لەهەندێك ناوچەدا بەیاننامەی تایبەتیان بلاو دەکردەوە بەوەی کە شێخی عەشیرەتەکان زەوی و زاری جووتیرەکانی هۆزەکان وەکار بێنن و بەنێوی خۆیانەوە تۆماری بکەن ، کەئەمە هێندەی تر کۆڵەگەی دەرەبەگایەتی توندتر کردو زیاتر جووتیرانی تووشی ماڵوێرانی کرد . هەروەها هێزەکانی کۆلۆنیالیزمی بەریتانیا دەرەبەگایەتیەکی نوێ یان دروست کرد بەوەی کە ئەو سەرەك هۆزانەی سەر بەداگیرکەران و کاسە لێسی ئینگلیزو دەسکەلای نفوزی سیاسی داگیرکەران بوون ڕێگەیان پێدەدرا لەسەر حیسابی جووتیران رووبەری زەوی و زارەکانیان فراوانتر بکەن .« ١٤ »

* شێوەکانی موڵکانەی زەوی وزار لە کوردستانی خوارووددا :

موڵکانە . RENT : بریتی یە لە بەکرێدانی زەوی یە بەراوەکان یان دێمی یەکان بەیەکێك یان چەند کەسێك بەرامبەر بە وەرگرتنی بەشێك یا چەند بەشێك لەبەرهەم بەشێوەی شمەك یا پارە«١٥»، موڵکانە لەهەموو کۆمەڵگا دەرەبەگییەکان سێ چەشنی سەرەکی هەبووە :.

١- موڵکانەی کارکردن : جووتیار لێرەدا زەوی لە خاوەن زەوی یەکە بەکرێ دەگرێت بۆ چاندنی و لەبەرامبەری ئەوەدا جووتیار بێگار بۆ خاوەن زەوی یەکە دەکات بەگوێرەی ئەو ماوەیەی کە لەسەری رێك دەکەون (لە هەموو شوێنێکی کوردستان موڵکانەی کار دەبینرێ و شێوەی هەرە بڵاوی ئەو موڵکانەش بێگاری یە، کە دەبێت جووتیار هەموو چەشنە کاروبارێکی کشت وکاڵی و قورکاری بۆ خاوەن موڵکەکە بکات).«١٦»

٢- موڵکانەی بە شت وەمەك : بریتی یە لە بەکرێ گرتنی پارچە زەوی یەك لەلایەن جووتیارانەوە بۆ چاندن و لەمەدا خاوەن زەوی یەکە بەشێکی بەرهەمەکە بۆ خۆی دەبات، ئەم چەشنە موڵکانەیە بەشێوەیەکی سەرەکی لە هەموو کوردستان دەبینرێت و موڵکانەی بەشت و مەك دەبێتە هۆی زیاتر قوڵکردنەوەی ناکۆکی یە چینایەتی یەکان لەلادێیەکانداو وەك کارل مارکس دەڵێت : «جیاوازی لە وەزعی ئابووری بەرهەمهێنەراندا راستەوخۆ زیاتر دەکا»«١٧».

٣- موڵکانەی نەختینە : لەم جۆرەیان جووتیارەکە پارچە زەوی یەك بەکرێ دەگرێت لەخاوەنەکەی بەمەبەستی چاندنی بەرامبەر بە برێك لەو پارەیەی کەلەسەری رێککەوتوون.«١٨» موڵکانەی نەختینە تایبەتی سەردەمی هەڵوەشاندنەوەی پێوەندی یەکانی دەرەبەگایەتی و سەرەتای سەرهەڵدانی پێوەندی یەکانی نێوان کارو سەرمایەیەو وەك تەواوکاری هەردوو موڵکانەی کارکردن و بەشتومەك خۆ دەنوێنێ.

شێوەکانی چەوساندنەوەی موڵکانەی زەوی و زار لە کوردستانی خوارووددا لەگەڵ ناوچەکانی دیکە جیاوازی هەبوو، ئەو کرێکارە کشت وکاڵیەی کە زەوی و زاری لە کولاکەکان بەکرێ دەگرت دەبوو دەیەکی بەرهەمەکەی بۆ میری و دەیەکی تری بۆ خاوەن زەوی یەکە وەگیر بهێنێ ئەمە لەناوچە چیانشینەکاندا وابوو، جا ئەگەر خاوەن زەوی یەکە بنە تۆو ئاژەڵی کارکردنی بەکرێکارە کشتوکاڵیە کرێگرتەکە بدایە ئەوا دەبوو کرێکارەکان دوو هێندە یان سێ هێندە زێتر لەوە لەبەروبوومەکانیان بەخاوەن زەوی یەکە بدەن. ئاغا دەرەبەگەکان بەزۆری کرێکارە کشتوکاڵیەکانیان بەکرێ دەگرت و کرێیان پێ دەدان، حەمە ئاغای گەورەی شاری کۆیە بۆ هەر کرێکارێکی کشتوکاڵی خۆی مووچەیەکی مانگانەی ٨٨ پاوەن گەنم، ٥ر٢ پاوەن رۆن و کەمێك خوێ و چەردەیەك پارەی کەمی دەدانێ بۆ ئەو کرێکارانەی کە ئاغا بەخێوی نەدەکردن، هەرچی ئەو کرێکارانەش بوو کە ئاغا بەخێوی دەکردن تەنها بەنانەسکی دەژیان و بەس و دوایی تەواوبوونی کارەکەش جل وبەرگێکی نوێ و کەمێك

پارەی کەمی دەدانێ .«١٩» لەکوردستاندا شێوەیەکی دیکەی مولکانەی تایبەتی هەبوو کە نیوەکاری و قەرزدانەوە بوو بەکارکردن ، جا ئەگەر زەوی یەکە هی ئاغا بوایەو ئامرازەکانی کشت وکاڵیش هی جووتیرەکە بوونایە ئەوا هەردووکیان بەگوێرەی ئەم سیستەمە بنە تۆیان دەداو بەرهەمەکەش بەیەکسانی دابەش دەکراو دەبوو لەمەدا جووتێری نیوەکار پەیین بۆ کێڵگەی ئاغا بباو بەرووبوومەکە بگەیەنێتەوە ماڵی ئاغا ، بەڵام ئەگەر جووتێرەکە هیچ ئامرازێکی نەبووایە ئەوا دەبوو یەك لەسێ ی بەرووبوومەکە بباو هەل و مەرج و باری ژیانی جووتێرەکە لێرەدا هیچێکی حاڵی لە مافی کۆیلەکان کەمتر نەبوو ، کارل مارکس دەڵێت : «لەلایەکەوە ئەو کەسەی داوای سێ یەك دەکات توانای خۆی یان توانای یەکێکی تر بەکاردەهێنێ و خۆی دەکات بەخاوەن بەش و بەشێك بۆ خۆی دەبات نەك لەبەر ئەوەی کرێکارەو رەنجی داوە بەڵکو لەبەر ئەوەی خاوەنی بەشێکی کارکردنەکەیە واتە خۆشی دەبێتە سەرمایەدارێك ، لەلایەکی تریشەوە خاوەن زەوی داوای بەشی خۆی دەکات نەك لەبەر ئەوەی خاوەن زەوی یە بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەو کەسەیە قەرزی داوە واتە سەرمایەی داوە»« ٢٠ » . لەساڵانی قات و قڕی دا دەبوایە ئاغا جووتێرەکان بژیەنێ تا لەساڵانی بەپیت و فەڕدا زیاتر بیانچەوسێنێتەوە .« ٢١ »

هەل و مەرجی باری ژیانی جووتێران لەئەنجامی هەڵوەشانەوەی سیستەمی دەرەبەگایەتی و سەرهەڵدانی هەوڵ پێوەندی یەکانی نێوان کارو سەرمایەو تێکەڵ بوونی کوردستان بەبازاڕی سەرمایەداری لەدوا باری بەربادی و خراپی بوون ، سووخۆرەکان زێتر رووچووبوونە نێو هەناوی جووتێرانی رەش و رووت ، بۆ نموونە ئەحمەد پاشا کە یەکێك بوو لە سووخۆرەکان و زێتر لە ( پەنجا هەزار ) پاوەنی ئەستەرلینی سەرمایە بوو ساڵانە ( ٣ ، ٢٣% )ی قازانجی لێوەدەست دەکەوت و جووتێرەکانیش ناچار دەبوون پارەی بەقەرز لێوەربگرن تا مەڕو ماڵات و بنە تۆی پێ بکڕن ، جا ئەگەر دوای ئەوە پارەیان نەبووایە قەرزەکەی پێ بدەنەوە ئەبوو یا زەوی یەکەی بۆ بفرۆشن یا لەبەرانبەری پارەکەدا بەوی بفرۆشن ، بەم چەشنە سووخۆرەکان بووبوون بەخاوەن زەوی و زاری گەورەو جووتێرەکانی سوو وەرگریش وەك کۆیلە بۆ ئەوان کاریان دەکرد .« ٢٢ »

ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانی و دوای ئەوە بوون بەهەژاریەکی لەڕادەبەدەری جووتێران و وەدیارکەوتنی پێوەندیەکانی سەرمایەداری لە ئاواییەکاندا کەبوون بەهۆی جیاوازی یەکی سەختی کۆمەڵایەتی بۆ جووتێرەکان و شوانکارەکان ، ئەو جووتێرانەی کە هیچ زەوی و زارێکیان نەبوو و ئەو شوانکارانەی مەڕو ماڵاتیان نەبوو ناچار دەبوون بۆ شارەکان رەو بکەن و دەبوون بەکرێکاری کرێگرتەو بەکرێیەکی کەم و هەقدەستێکی هەرزان و ژیانێکی کولەمەرگی و مەمرەو مەژی کاربکەن . جووتێرانی کشت وکاڵی لە ئاواییەکاندا گەورەترین هێزبوون لە جولانەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی گەلی کوردستاندا ، جا ئەگەر چی ئاغاو

دەرەبەگەکان یان شێخ و پایەدارە ئایینی یەکان بەهۆی مەڵبەندی ئابووری و کۆمەلایەتی یان جڵەوی دەسەلاتی ئەم جولانەوانەیان لە بندەست بووبێ، ئەوا هەرگیز ناشێت بەهیچ شێوەیەك سروشتی ئازادیخوازی و رزگاریخوازی و دیموکراتیکی لەم جولانەوانە دابماڵرێت، کە هێزی سەرەکی ئەم شۆڕش و راپەرینانەی کورد هەر هەمووی، سووتەمەنی و ئاوری خەبات و بڵێسەی مەشخەڵی شۆڕش هەر تەنها پرۆلیتاریای کشتوکاڵی ئاواییەکان بوون.

## پەراوێزو سەرچاوەکان:-


١- د. جەلیلی جەلیل: راپەرینی کوردەکان سالی ١٨٨٠، وەرگێرانی لە رووسی یەوە: د. کاوێس قەفتان، بغداد، ١٩٨٧، لا ١٧.

٢- د. شاكر خصباك: الكرد والمسألة الكردية، بغداد، ١٩٥٩، ص٢١

٣- احمد فوزي: خناجر وجبال قاسم والاكراد، بيروت، ١٩٦٢، ص٢٦

٤- هەمان سەرچاوە لا ٢٦

٥- هەمان سەرچاوە لا ٢٥

٦- ا.م. منتشا شغيلي: العراق في سنوات الانتداب البريطاني: ترجمة د. هاشم صالح التكريتي، بغداد، ١٩٧٨ ص٦٨-٦٩

٧- ل. سێگاڵ: کورتەباسێکی قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵ، نەجات عەبدوڵڵا کردویە بەکوردی (دەستنووس) لا ٢٥

٨- أنور صبري و اسعد الخالدي: تجربة الاصلاح الزراعي في العراق، بغداد، ١٩٧٤، ص٢٩

٩- د. عبدالعزيز سليمان النوار: تاريخ العراق الحديث، القاهرة، ١٩٦٨، ص٥٢-٥٣

١٠- د. عزيز الحاج: القضية الكردية في العشرينات، بيروت، ط٢، ١٩٨٥، ص٧٠

١١- هەمان سەرچاوە، لا ٧٤

١٢- ل. ن. كوتلوف: ثورة العشرين الوطنية التحررية في العراق، ترجمة د. عبدالواحد كرم، بغداد، ١٩٨٥، ص٥٣

١٣- سەرچاوەی ژمارە ١٠، لا ٧٥

١٤- سەرچاوەی ژمارە ٨، لا ٣٠

١٥- د. محمد فاضل قفطان: رژێمە ئابوریەکان و کۆمەڵگای تەکنۆلۆژی نوێ، بەرگی یەکەم، سلێمانی، ١٩٨٥، لا ٨٥

١٦- د. ئەورەحمانی قاسملو: کوردستان و کورد، وەرگێرانی: عەبدوڵڵا حەسەن زادە، چاپی بنکەی پێشەوا، ١٩٧٣، لا ١٨٠

١٧- د. عبدالرحمن قاسملو: كردستان والاكراد، بيروت، ١٩٦٧، ص١٩١

١٨- هەمان سەرچاوەی ژمارە ١٥ ، لا :٨٦
١٩- هەمان سەرچاوەی ژمارە ٦ ، لا :٦٩
٢٠- د . جەلیلی جەلیل : کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ، وەرگێرانی د . کاوێس قەفتان ، بغداد ١٩٨٧ ، لا :٦٢
٢١- هەمان سەرچاوەی ژمارە ٦ ، لا :٦٩
٢٢- هەمان سەرچاوە ، لا :٧١